## وتوویژی رادیو دەنگی ئامریکا لە گەل بەریز مامۆستاشیخ عیزەدین حوسینی
## سەبارەت بە رەوشتی تەندروستی وکوچی دوایی پاپ ژان پولی 2

**رادیودەنگی ئامریکا :گۆداری هێژاوخۆشەویست، لە سەرخراپ بوونارەوشی ساخلەمیاجان پاولی2ی، هەڤکار سەلاح پیرۆتی هەڤپەیڤینێکا کرە لی گەل مامۆستاشیخ عیزەدین حوسێنی لە سوێدێ**

**پرسیار :** مامۆستاهەوالّی تەندروستی پاپ سەرنجی رۆژنامەوتلویزیون وهەروەها میلیونهاکەسی لە سەرانسەری جیهان بۆلای خۆی راکێشاوە ، بە رای بەرێزتان بۆچی کەسایەتی ناوبراو بۆ خەڵك ئەوەندە گرینگە ؟

**ولام :** پاپ وەک ئینسانیک زۆری سەعی کردوە خەڵک لێک نیزیک بێتەوە ، بۆسولح وئاشتی ، بۆدۆستایەتی . بە خسوس لە رابیتەی بەینی ئەدیاندا، لە گەل ئیسلام زۆرزۆر نەزدیک بووە . زوری سەعی کردوە مسولمانان ومەسیحیەت لێک نیزیک ببنەوە وئەگەرئیختیلافێکیش هەیە ، بە شێوەیەکی سولح ئامێزودوستانە ، حەل بکرێ وزۆری پێ خۆش بوە رابیتەی ئینسانی مەسیحییەت لە گەل ئیسلامدا ، چاک بکات . زۆر تەرەفداری فەقیرو هەژاروئەوانەی لێ قەوماوبوون وژێردەستە بوون زۆری دیفاع لێکردون . مەسەلەن چەند دەفعەی ، دیفاع لە میللەتی کوردکروە . دیفاعی لە میللەتی فەلەستین کردوە . پاپ بە عەقیدەی من وەك ئینسانێك تەماشای ئینسانیەتی کردوە . زۆری پێ خۆش بووە ، دونیا ، لێك نیزیك بێتەوە وتەفاهوم ببێت وسولح وئاشتی لەو دونیایەدا ، بەرقەرار بێ . بێ غایەت پاپ لای من موحتەرەم بوو وزۆرم رێز بۆی بوو . وە من چەند دەفعەشم نامە بۆ نوسیوە وتەشەکورم لێ کردوە ویان تەقازاشم لێ کردوە کە نیسبەت بە میللەتی کوردباش بدوێ .

**پرسیار :** پاپا بۆ مافەکانی مرۆڤ وئاشتی لە جیهاندا ، زۆری هەوڵ داوە وبە رای بەرێزتان داخوا ئەوە بە پێ ئایینی کاتۆلیك هەنگاوی هەڵناوە ویان دەگەرێتەوە سەرکرداری خۆی ؟

**ولام :** ئەمن پێم وایە ئایینی مەسیحیەت ئەوەی لە نوتفەدا هەیە . پاپ ئەو وەزیفەی خوی بە باشی ئەنجام داوە وئەوە روحی مەسیحیەتە ، کە پاپی وادار کردوە کە ئەوە بکات . ئەلبەتە پاپ ، بۆ خۆشی لە زاتی خۆی دا شەخسیەتێکی گەورەو بەرز بووە کە توانیویەتی ئەو هەدەفە گەورەی مەسیحیەت بەرێتە پێش .

پێم وایە زۆر زۆر موتەئەسیر بوە . زۆر دەفعە کە ئیختیلاف کەوتۆتە بەینی مسوڵمانەکان ومەسیحیەکانەوە ، مانیعی ئەوە بوە کە ئەو تەشەنوجە گەورە بێتەوە . هەوڵی داوە بۆ ئەوە بە شێوەیەك ، ئەو تەشەنوجە لە بەینی مەسیحیەکان ولە بەینی مسوڵمانەکاندا کەم بێتەوە . یان لە بەیین بچێت .

**پرسیار :** پاپا وەك کەسێکی مەسیحی هەوڵی داوە کە پێوەندی نێوان ئیسلام ومەسیحیەکان بە هێزبکا . بڕواتان لەم بارەوە چیە ، داخوا چەند سەرکەوتو بووە ؟

**وڵام :** بە بڕوای من جەنبە ئینسانیەکەی بووە نەك جەنبە مەزهە بێکەی . ئینسانێك بوو بە مەعنای کەلیمە ئینسان وتەرەفداری ئینسانیەت بووە . ئێمە هەر ئەندازە ئەرۆ لێك نەزدیك بینەوە وتەفاهوممان بێ وهاوکاری یەك بکەیین ، بۆ سولح وسەفاو یەکنەواختی دونیا یانی میللەتان لە ژێر چەوسانەوە نەجاتیان بێت . دەبێت بۆ ئەوە هەوڵ بدەیین .

**پرسیار :** مامۆستا وەك دوایین پرسیار ، لە کاتێکدا کە پاپا جۆن پاول لە دوایین کاتەکانی ژیانی خۆی نیزیك دەبێتەوە چ پەیامێکتان لەم بارەوە هەیە ؟

**ولام :** پەیامی من ئەوەیە کە روحی شاد بێ وخودا جەزای ئەو هەمو خزمەتەی کە ئەو کردویەتی ، بیداتەوە و ئەگەر نەقسێکیشی بێت ، خودا لێ ببورێ . وە ئومێدواریشم کە کەسێك دەیەوێ بێتە جێگەی پاپ ، هەوڵ بدات بۆ ئەو رێگەی کە پاپ بردویەتە پێش .

**رادیو دەنگی ئامریکا :** بەرێز مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی گەلێکتان سپاس دەکەیین بۆ ئەو وتووێژە

( رۆژی شەمبە 13 ی خاکە لێوە 1384 هـ . ( 3ی ئاوریلی 2005 ز . )